# کچێک بە لەچکێکەوە

❊ ❊ ❊

**کچێك کــە تەمەنی ١٧ ســاڵانە بە لەچکێکەوە لەچێشــتخانەی ماڵەوەی خۆیــان کۆتایــی بە ژیانــی خۆی دەهێنێــت و خــۆی دەخنکێنێــت، و تا ئێســتا هۆکاری خۆکوشــتنەکەی بــزرە و خێزانەکەی تەنیا نەخۆشــیی دەروونییەکــەی بەهۆکاری فەوتاندنی ژیانییە لە لایەن خۆیەوە دەزانن.**

❊ ❊ ❊

**کە هەڵستام بینیم خوشکەکەم بە لەچکێك خۆی خنکاندوە**

بە وتەی شــاهێدحــاڵ (ە .ح .ا) کە دەکاتە بــرای قوربانییەکە لە دایك بووی ١٩٨٥ەو دانیشــتووی هەولێرە، باس لەوە دەکات کە خوشکەکەی (خ) هەرلەمنداڵییەوە نەخۆشــی دەروونی هەبووە، هەموو شتێکی بە دڵی خۆی دەکــردو هەرکارێــك نیــازی نەبوایە نەیدەکرد، (ە.ح) دەڵێت: خوشــکەکەم خواردن و خواردنــەوەی زۆر کەم بوو، کاتژمێــر ١٠ بەیانی بــوو لەماڵەوە نووســتبووم لەکاتێك لەگەڵ هاواری خوشــکێکی ترم بەناوی (ن) بەخەبەر هاتم وتــی (خ) خــۆی خنکاندووە. بەپەلە هەڵســام، کاتێك چووم دەرگای چێشتخانەکە داخرابوو، لەپەنجەرەکەوە سەیرم کرد، خۆی بەلەچکێك هەڵواسی بوو، کورســییەکی پلاســتیکی لەژێر قاچەکانیدا بــوو. پەلاماری دەرگای چێشــتخانەمدا گوێــم لــە دەنگی جووڵانەوەی کورســییەکە بوو. پاشان براکــەی ترم هاتــوو بەنــاوی (ن) چەند جارێك خــۆی بەدەرگاکەدا داو شــکاندی، دەرگا کەوتە سەر زەوی، پاشــان براکەم لەگەڵ دایکم (خ) یان بڵند کردو منیش لەچکەکەم لە گەردەن کردەوەو هێنامانە خوارەوەو پاشــان من زۆر شــڵەژام بەرگەم نەگرت و هاتمە دەرەوەو دراوســێکانمان هەڵیان گرت و بردیانە نەخۆشخانە».



**دیاردەی خۆکوشتن لەناو هەموو کۆمەڵگەکانی جیهاندا هەیەو هەبووە، بە کۆمەڵگە پێشکەوتوو دواکەوتووەکانیشەوە، زۆربەی سەرچاوە سۆسۆلۆژی و دەروونیەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت نارێکی عاتیفی و دەروونی هەر لە منالێیەوە لەگەڵدایە و بۆ هەنجەت و هۆکارێ دەگەرێت تا لە هەر کاتێکدا بێ بیکاتە پاڵنەرێ بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی، وەک ئەم رووداوەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لە هەولێر روویدا..**

# خــــۆی دەخنکێنێت


(ن. ح .ا ) تەمەن ٢١ ساڵە سەبارەت بە خوشکەکەی دەڵێت» لەگەڵ (خ ) هیچ کێشــەو گرفتێکمان نەبووە، ئێمە بێ کێشــەترین خێــزان بووین، چونکە گــەورەو بچوکی هەبوو لە نێوانماندا ئەمــڕۆ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بوو، بەرۆژوو بووم لەکاتێکدا لەگەڵ هــاواری (ن) بە ئاگا هاتم وتی (خ) خــۆی خنکانــدووە، بە پەلە چووم بینیم لە چێشــتخانەکەیە دەرگاکە داخراوەو دایکم و خوشکم و براکەم خەریکی دەرگا شکاندن بوون من لــە پەنجەرەی چێشــتخانەکەوە تەماشام کرد بینیم خ بە چەفیە خۆی هەڵواســیوە، کورســیەکی پلاستیك لەژێر قاچەکانی بوو گەڕامەوە لای دەرگای چێشتخانەکە هێشتا دەرگاکە نەکرابــوەوە چەند جارێــك خۆم بە دەرگاکەدا داو دەرگام شکاند کەوتمە سەر زەوی باوەشم پیاکردو بەرزم کردوە بە هیوای ئەوەی نەمردبێت دایکم و براکەی ترم خەریك بوو چەفیەکەی لە ملــی بکەنەوە پاشــان هێنامانە خوارەوە لەسەر دەرگای چێشتخانەکە درێژم کردو پاشــان دراوســێکان کۆ بوونەوە هەڵیان گــرت وگەیاندیانە نەخۆشخانە

لەمبارەیەوە ئەفســەری ماف پەروەر جەمیــل ئەحمەد ئەمین ســورچی لــە نووســینگەی نەهێشــتنی تــاوان دەڵێــت: ڕۆژی هەینی لە ٢٠١١/٨/١٢ کاتژمێــر (١٠:٣٠) بەیانــی ئاگادارکراینــەوە بەبوونی ڕووداوێکی خۆکوشــتن لەگەڕەکی ســەلاحەدین لەهەولێــر کاتێك کە چووینە شوێنی ڕووداوەکە تەرمەکە گواسترابۆوە بۆ نەخۆشخانە. خۆکوژ کچێکــی تەمەنی ١٧ ســالان بوو بەناوی (خ) بەلام تا ئێستا هۆکاری خۆکوشــتنەکەی دیارنییــە، بۆیە لێکۆڵینەوە هەربەردەوامە».

## کرێکاریکی تورک بەهۆی کەوتنە خوارەوەی گیان لەدەست دەدات

ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١١/١٠/٢ کرێکارێك لەسەر باڵەخانەیەك بەردەبێتەوە و گیان لەدەست دەدات. لە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر نەقیب کاروان بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیســی هەولێر بە گۆڤــاری گوڵانی ڕاگەیاند کە کرێکارێکی تورك لەڕووداوێکی نادیاردا لەسەر باڵاخانەی جەلیــل خەیــات کەوتۆتە خــوارەوەو گیانی لەدەستداوەو تا ئێســتاش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە.





## لەکاتی مەلەکردندا پیاوێک دەخنکێت

ڕۆژی شەممە ٢٠١١/١٠/١ گەنجێك لە کاتی مەلە کــردن لە ناو گومێکی نزیك گونــدی مەلائۆمــەر دەخنکێت. نەقیب کاروان لەراگەیاندنــی پۆلیســی هەولێر بە گۆڤــاری گوڵانی ڕاگەیاند کە ڕۆژی شــەممە هاووڵاتیەك بەناوی مستەفا حەمەدئەمیــن لە ڕووداوێکی نادیــاردا لەکاتــی مەلەکردندا لەناو گۆمێکــدا لەنزیك گوندی مەلائۆمەر بەهــۆی نەزانیی مەلەوە خنــکاوە، دواتــر تەرمەکــەی لەئاوەکە دەرهێنراوەو ڕەوانەی پزیشــکی دادوەری هەولێر کراوە، هەتا ئێســتاش لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە بەردەوامە.

## منداڵێک لە شارۆچکەی کۆیە دەسووتێت



بەهۆی یاری کردن و ئاگر کردنەوەی منداڵان لە ٢٠١١/٩/٢٩ منداڵێك لە کۆیە دەسووتێت و دەنێردرێتە نەخۆشخانەی کۆیە.

بەرپرســی ڕاگەیاندنی پۆلیســی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانــی ڕاگەیانــد کە ڕۆژی پێنج شــەممە ٢٠١١/٩/٢٩ منداڵێك بەناوی گۆڤەند تەحســین یاسین تەمەن دوانزە ساڵ لەشاری کۆیە ســووتاوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە منداڵەکە نزیك شوێنێك دانیشتووە کەچەند منداڵێکی تر یارییان بەئاگر کردووە، پاشان بەهۆی ئاگرەکەوە سووتاوە، منداڵەکە لەنەخۆشخانەی کۆیە داخلکراوە.



**کاتێک زانیم هاوسەرەکەم لەسەر قومار منی دۆڕاندووە، ڕۆیشتم و بەجێمهێشت بۆماوەی پانزە ساڵ نەگەڕامەوە لای تاکو کۆچی دوایی کرد ئینجا گەڕامەوە لای منداڵەکانم**

# قومارکردن سەرچاوەیەکی دیکەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان

ئا: دیار سالار

### د.کاروان سلێمان:
### قومار وەک ماددەی هۆشبەر وایە کەسێک پێوەی ئاڵوودەبێت، بە زەحمەت دەتوانێت دەستبەرداری بێت


(بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە هاوسەرەکەم تووڕە بووم، لەبەر ئەوەی منی دۆڕاندبوو لەسەر قومارکردن) ئەمە قسەی ئەو ئافرەتەیە کە تەمەنی ٦٤ ساڵە و بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە ئێستا خاوەنی پێنج منداڵەو دەڵێت «هەر لەسەرەتاوە کە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ ئەم پیاوە پێکهێنا هیچ شەوێك لەماڵەوە نەبوو، شەوانە تا درەنگانێك لەدەرەوە بوو یاری قوماری دەکرد، هیچ کاتێك خاوەنی دینارێك نەبوو شەوێك لەیاری قومارکردن دۆڕاندبووی پارەی هیچ پێنەمابوو دواتر وتبووی ئەوجارە یاری دەکەم کە دۆڕاندم ژنەکەی خۆمت پێدەدەم ئەوکات لەیاریەکە سەرکەتوو نەبوو منی دۆڕاندبوو لەسەریاری قومارکردن. ئەو ژنە وەك باسی دەکات و دەڵێت «کاتێك زانیم هاوسەرەکەم لەسەر قومار منی دۆڕاندووە، ڕۆیشتم و بەجێمهێشت بۆماوەی پانزە ساڵ تاکو کۆچی دوایی کرد ئینجا گەڕامەوە لای منداڵەکانم.

یاری کردنی قومار کاتێك ئاڵوودەی کەسێك دەبێت ئەو کاتە کەسەکە هەرگیز ناتوانێت بەئاسانی واز لەم یارییە بهێنێت، چونکە ئەو کەسە پێیوایە کە ئەم یاریە خۆشیەکی تایبەتی پێدەبەخشێت، عومەر یەکێکە لەو کەسانەی کە ئاڵوودەبووی یاری قومارە، هەرچەند وەك باسی لێوەدەکات ئێستا وازی لێهێناوە، بەڵام هەموو تەمەنی گەنجێتی لەم دیاردە ناپەسەندە بردۆتە سەر، هەرچی موڵك سامانی هەبووە لەدەستی داوە، دەڵێت: (سەرەتا هەموو کەسێك وەك یارییەکی تەرفیهی دەست بەقومارکردن دەکات، دواتر ئاڵوودە دەبێت)، عومەر ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەتەمەنی هەرزەکاریدا بەهۆی چەند برادەرێکی نزیکیەوە لەیارییە بچووکەکانەوە بەتایبەتی (بلیاردەوە) فێربووە، دەڵێت «بەڵام بەهیچ جۆرە نۆرمێکی خراپی ئەم یارییەم نەدەزانی، دواتر ئاڵوودەبووم نەمتوانی وازی لێبهێنم». ئەو پیاوە پێشیوایە کە یاری قومارکردن تاموچێژێکی زۆری

هەیە، دەشـڵێت «هەرچەندە پارەش بدۆڕێنیت هەر وا هەست دەکەیت کە لەداهاتوودا یارییەکە دەبەیتەوەو قازانج دەکەیت، ئەگەر جارێك قازانج بکەیت زۆر گەرموگوڕتر دەبێت و زیاتر ئارەزووی بەردەوامبوونی دەکەیت».

**یاری قومار بۆتە هاوڕێیەکی ژیانی ڕۆژانەم و هەموو کات لەبیرمدایە**

هێمن ئەحمەد یەکێکە لەو پیاوانەی کە هەموو شەوێك لەگەڵ هاوڕێکانی دەچێت بۆ یاری قومار، ئەو ماوەی ٧ ساڵە شەوانە ئەم یارییە دەکات، لەمبارەوە و دەربارەی ئاڵوودەبوون بە قومار کردن دەڵێت «شەوانە کاتێك دەچمە سەرمێزی قومارکردن هەست دەکەم هەموو دنیا هی منەو هەرچی خەم و خەفەتی دڵمە لەبیرم دەچێتەوە، هەموو فکرم دەچێتە سەر ئەم یارییە و بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بتوانم پارە لەهاوڕێکانم بەرمەوە». سەبارەت بە لایەنە سلبیەکانیشی دەڵێت «قومارکردن زیانی زۆری هەیە و حەرامیشە، بەڵام تازە بۆتە هاوڕێی ژیانم و ناتوانم دەست بەردەرای بم، تەنانەت وام لێهاتوو کە ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە ژیانی هاوسەریش پێکبهێنم».



دواتر پیاوێکی تەمەن ٥٠ساڵە کە ماوەی ١٧ ساڵە قومار دەکات و تائێستاش بەردەوامە لەم یاریە و دەڵێت «سەرەتا کەدەستم بە قومارکردن کرد، خەمێکی زۆرم هەبوو نەمدەزانی چۆن وابکەم کە ئەم خەمانەم بیربچێتەوە، هاوڕێیەکم هاتە لام و وتی وەرە ئەمشەو دەچینە نادی لەگەڵ هاوڕێکانم یاری دەکەین و دەخۆینەوە، کاتێك لەگەڵی چووم ئەو شەوە هەستم بەهیچ خەمێك نەکرد، ئەوەبوو ئیتر هەموو شەوێك دەچووم تائێستاش بەردەوام شەوانە ئەم یارییە لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم. تەنانەت ناتوانم هیچ کاتێم خاوەنی پارەییەکی زۆر بم، چونکە ڕۆژانە هەرچی ئەو پارەیەی دەستم دەکەوێت شەوانە

**ڕۆژانە هەرچی ئەو پارەیەی دەستم دەکەوێت شەوانە لە قومار هیچم پێنامێنێت. ئەو پیاوە وتیشی بەردەوام کێشەم لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانم هەیە. هیچ کاتێك لەبیری ئەوە دانیم کە دڵی ژن و منداڵەکانم خۆش بکەم**

**قومارکردن زیانی زۆری هەیە و حەرامیشە، بەڵام وام لێهاتوو کە ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە ژیانی هاوسەریش پێکبهێنم**

لە قومار هیچم پێنامێنێت. ئەو پیاوە وتیشی بەردەوام کێشەم لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانم هەیە، هیچ کاتێك لەبیری ئەوە دانیم کە دڵی ژن و منداڵەکانم خۆش بکەم و نازانم ڕۆژانە بەچیەوەش خەریکن».

**قومار دەیان خێزانی سەرگەردان کردووە**

قومار چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، زۆرجار قومار بۆتەهۆی سەرگەردان بوونی خێزانێك و دەیان ژن و منداڵ بەهۆی بوونی قومار لەنێو خێزانەکەیانەوە سەرگەردان بوونە، لەمبارەیەوە هاوار کانەبی توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەو کێشە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە بەهۆی قومارکردنەوە دروستدەبن، دەڵێت «قومارکردن زۆر کێشەی ترسناکی لێدەکەوێتەوە، ئەو منداڵانەی کەباوکیان قوماردەکات زۆربەیان بەهۆی بێئاگایی کەسووکاریانەوە تووشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبن و هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان لەناو کۆمەڵگەدا نابێت، بێجگە لەوەی کە زۆرجار باوك کچەکەی لەقوماردا دەدۆڕێنێت، ئەمەش کێشەیەکی زۆر ترسناکە و ئاییندەی ئەو کچە بەرەوە دۆزەخ دەبات و ئەو کچە هەتا هەتایە بەزەلیلی و هەژاری دەمێنێتەوە».

لەبارەی زیادبوونی یان کەمبوونی دیاردەی قومارەوە وتی «ناتوانین بڕیار بدەین لەسەر زیادبوون یان کەمبوونی قومار، چونکە قومار کردن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەردەوام هەبووە و جاران لەماڵاندا دەکرا، ئێستا لەیانەکان، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین ئێستا زۆر لە هەرزەکارەکان



**ئەو منداڵانەی کەباوکیان قوماردەکات زۆربەیان بەهۆی بێئاگایی کەسووکاریانەوە تووشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبن**

بەهۆی خەریکبوونیان بەفەیسبووك و ئینتەرنێتەوە قومار تاڕاددەیەك کەمبۆتەوە، بەڵام ناشتوانین بڵێین کە قومارکردن نەماوە».

دکتۆر کاروان سلێمان پزیشکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە قومار وەك ماددەیەکی هۆشبەر وایە، کەسێك کە پێوەی ئاڵوودە بێت، ناتوانێت هەرگیز دەستبەرداری بێت، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو کەسەی قوماردەکات هیچ کێشەیەکی دەروونی هەیە، بەڵکو زۆرکەس هەن ئاڵوودەی قوماربوون هیچ جۆرە گرفتێکی دەروونیان نییەو کەسانی زۆر ئارام و لەسەرخۆن، لەبەر ئەوە ئەو کەسەی کە قومار دەکات مەرج نییە هەموویان کێشەی دەرونیان هەبێت.

**دۆڕاندنی کچ لەکاتی قوماردا حەرامە**

مامۆستا خالص عومەر ئاماژە بەبوونی دیاردەی بەخشینی ئافرەت لەکاتی قوماردا لەلایەن باوکی یان برایەوە لەجیاتی پارە دەڵێت «ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە باوك نادات کچەکەی بەشوو بدات هەتا ڕەزامەندی تەواوی کچەکە وەرنەگیرێت، ئەمە بێجگە لەوەی قومار خۆی لەخۆیدا یارییەکی حەرامە، بەهیچ شێوەیەك جائز نییە کچ لەکاتی قوماردا لە جیاتی پارە ببەخشرێت، هەرکەسێك ئەمکارە بکات بە گوناه و تاوان لەسەری حسابە».

# چیرۆکی خۆشەویستی نابیناکان
# عەشقی ڕاستەقینە لەناو دڵدایە نەک چاو

***

**خۆشەویستی یەکێکە لەو چەمکانەی کەهەموومان بەپیرۆزییەوە تەماشای دەکەین و بەشێوەیەکی گرنگ لێی دەڕوانین لەبەر ئەوەی کە هەموومان دەزانین خۆشەویستی بەهۆی ڕووخسارەوە دروست دەبێت و مرۆڤ بەهۆی چاوەکانیەوە بەکەسێك کارتێکراو دەبێت، بەڵام نابیناکان کەبێبەشن لەبینین و تەنیا بەبیستن مامەڵە لەگەڵ کەسی بەرامبەریان دەکەن و خۆشەویستیەکەشیان جیاوازترە لەهی مرۆڤە چاوساغەکان، لەبەر ئەوەی نابیناکان بە وتەی خۆیان تەنیا بەهۆی بیستن و هەستی شەشەمەوە، دەتوانن هەست بەسۆز و خۆشەویستی بەرامبەریان بکەن.**

***

دڵ کانگای هەست و سۆز و خۆشەویستییە، بۆیە کاتێك مرۆڤ ئەگەر هەستی بینینی لەدەست دابێت یاخود هەر بە درێژایی ژیانی نابینا بووە، مانای ئەوە نییە کە نەتوانێت خۆشەویستی خۆی بدۆزێتەوە، لەمبارەیەوە نابینا حەسەن یوسف قوتابی خوێندنی باڵا و مامۆستا لەپەیمانگای ڕووناکی نابینایان ئاماژەی بە گرنگی دەنگ و بیستن دا کە بۆ دروستبوونی خۆشەویستی ڕۆڵێکی گرنگ لەژیانی هەموو نابینایەکدا دەبینێت و دەڵێت «خۆشەویستی لای چاوساغەکان لەرێگەی ڕووخسارەوە دەبێت، بێگومان ئەمەش هەڵەیە، چونکە هەرکاتێك ئەو کەسە ئەو جوانی ڕووخسارەی لەدەستدا، ئەوکات ئەو خۆشەویستیە کەم دەبێتەوە، بەڵام نابیناکان لەکاتی خۆشەویستیدا پەنا دەبنە بەر دەنگ و لەو پێناوەدا لەرێگەی دەنگ و هەستی کەسی بەرامبەرەوە یەکتریان خۆشدەوێت، زۆرجار ڕەنگە دەنگەکە ئەگەر ناسکبێت ئێمەی نابینا هەست بەجوانی ئەو کەسە دەکەین، بەجۆرێك خۆشەویستی لەناو نابیناکاندا لەسەر بنەمای ڕوحیە بەپێچەوانەی چاوساغەکانەوە کە ڕووخساریان کردۆتە بنەمایەکی سەرەکی».

ئەو مامۆستایە بەو جۆرە هەستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەربڕیوە لە ڕێگەی شیعرەوە کە دەڵێت:

گە لێ سەیرە بەبێ دیتن لەبۆت مەلوول و کەساسم نازانم چۆن
خۆشم ویستیت بەبێ ئەوەی بتناسم
بڕوا بکە تەینا یەکێك ناوی تۆی بەگوێدا چرپاندم
لەوکاتەوە دڵم دێشێت جەرگ و دڵی خورپاندنم

وێناکردنی عەشق لەلای نابیناکان لەسەر بنەمای وێنەکردنی ڕوح دەبێت و لەم بارەیەوە مامۆستا حەسەن ئاماژەی بەوەدا کە هەموو نابینایەك کە دەکەوێتە وتووێژ لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، لەزهنی خۆیدا وێنەیەکی ڕوحی بۆ دروستدەکات، بەجۆرێك ئەگەر دەنگێکی ناسکی گوێ لێبێت وێنەی کچێکی شۆخوشەنگی جوانی باڵابەرز دەکێشێت، لەبەر ئەوە خۆشەویستی لای نابیناکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەدەگمەن نابینایەك شکست بەخۆشەویستیەکەی دێت، حەسەن بۆ چەمکی خۆشەویستی دەڵێت «پێویستە خۆشەویستی لەسەر بنەمایەکی ڕۆحی بێت، بەداخەوە زۆر لە هەرزەکارەکان پێوەندییەکانیان ناولێدەنێن عەشق، بەڵام عەشق چەند قۆناغێکی هەیە، سەرەتا پێوەندیە ئەگەر پێوەندییەکە لەسەر بنەمای ڕۆحی بێت، دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی خۆشەویستی و دواتر بۆ قۆناغی عەشق، لەبەر ئەوە گەیشتن بەقۆناغی عەشق کەمێك قورسە، چونکە عەشق تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەجۆرێك تێکچوونی ڕووخسار یان لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە کارناکاتە سەر عەشق».

## نابینا کەسێکی خۆش بووێت لەبیری خۆی وێنەی بۆ دەکێشێت

زێرەڤان بورهان مونیر یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگای ڕووناکی نابینایان سەبارەت بە خۆشەویستی لای نابیناکان پێوایە «دەنگ گەورەترین ڕۆڵی لەدروستکردنی خۆشەویستی لەلای نابیناکان هەیە، بەجۆرێك بەهۆی دەنگەوە دەتوانین ڕاستەوخۆ وێنەیەکی خەیاڵی ئەو کەسە بۆخۆت دروستبکەیت، دەنگ دەتوانێت هەموو هەست و سۆزێك لەلای مرۆڤ دروستبکات».

هەموو مرۆڤێك کۆمەڵێك خەون و خەیاڵی هەیە بۆ ڕەگەزی بەرامبەری کە دەبێتە هاوبەشی ژیانی و دەربارەی ئەوەی زێرەڤان دەڵێت «خۆشەویستی لای نابیناکان بەقۆناغێك و شێوازێکی تایبەتیدا تێدەپەڕێت بەجۆرێك، نابینا کاتێك کەسێکی خۆشدەوێت ڕاستەوخۆ ئەو کەسە نابینێت، بەڵکو لەبیری خۆیدا وێنەیەکی خەیاڵی بۆ ئەو کەسە دروست دەکات، چونکە ئەو کەسە لە دڵییەوە خۆشەویستە و دەتوانێت هەموو مەرج و خەیاڵەکانی لەو کەسە لەرێگەی دڵییەوە هەست پێبکات، زۆرجار دەنگیش کاریگەری هەیە، چونکە لای ئێمە دەنگ سەرەکیترین پێوەرە بۆ ژیانی خۆشەویستی، ساتەکانی دڵداری لای نابینا وەك هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی دڵی پڕە لەدەربڕینی هەست و نەست بەجۆرێك هەموو نابینایەك لەکاتی دڵداریدا هەست بەسۆز و خۆشەویستی کەسی بەرامبەری دەکات و کاتێك کە لەگەڵ عاشقەکەیدا دادەنیشێت هەست بەجوانی ڕۆحی






حەسەن یوسف



زێرەڤان بورهان مونیر



گوڵزار حەسەن

ئەو کەسە دەکات، وێنەیەك لەمێشکیدا دروست دەکات کەجوانترین و ناسکترین کەس بەرامبەری دانیشتووە».

**خۆشەویستی لە بینینی چاو بەهێزترە**

گوڵزار حەسەن مامۆستایەکی نابینایە لەپەیمانگای ڕووناکی نابینایان ماوەی سیانزە ساڵە چۆتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و مێردەکەشی هەر نابینایە، باسی لەوە کرد کە نابینا وەکو هەر مرۆڤێکی تر هەست و سۆزی هەیە و دەتوانێت بچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و خۆشەویستیش لە دڵیان دا ڕۆژ بەرۆژ بەردەوام لە زیاد بوون دایە و دەشڵێت «ئەگەر من چاوەکانم نابینێت مانای ئەوە نییە دڵیشم نەبینێت و نەتوانم خۆشەویستی بکەم، بەڵکو زۆرکەس هەیە چاوەکانی ساغە، بەڵام ناتوانێ خۆشەویستیەکی تەندروست بەدەست بێنێت، چونکە خۆشەویستی خۆی لە بینینی چاو بەهێزترە کاتێك دەچێتە دڵی مرۆڤەوە، زۆرجاریش خۆشەویستی وایکردوە کە مرۆڤەکان هیچ عەیبێکی یەکتری نابینن».

کچان کۆمەڵێك مەرجیان هەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوبەشی ژیانیان، گوڵزاریش وەکو هەر کچێکی ئاسایی مەرجی تایبەتی هەبووە بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە خۆشەویستی و هاوسەری ژیانی، مەرجە سەرەکیەکانی ئەویش ئەوەبووە کەنابێت دڵی پیس بێت و ئازادی لێ بستێنێت و ڕەزیلیش نەبێت. گوڵزار دەڵێت «دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە هاوسەرەکەم هەرچەندە لەتەمەن زۆر لەمن گەورەترە، بەڵام هیچ کێشەیەکمان نییەو زۆر ڕێزم لێدەگرێت و خۆشی دەوێم و ژیانی ڕۆژانەشمان بە دەوام و کاری ناو ماڵەوە بەسەر دەبەین و کچێکی تەمەن ١١ساڵەشمان هەیە، کە پۆلی پێنجەمی سەرەتایە و ئەو چاوەکانی ساغە لە زۆربەی کارەکانی ناو ماڵەوە یارمەتیمان دەدات من ڕووخساری کچەکەم نەبینیوە، بەڵام بەچاوی دڵمەوە دەتوانم بیبینم کە جوانترین کچی دنیایە».

**خۆشەویستی لە ڕێگای دڵەوە دەکرێت نەوەك چاوەکان**

گرنگترین بنەما بۆ دروسبوونی خۆشەویستی ڕاستگۆییە لەنێوان مرۆڤەکاندا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤەکان پێویستیان بەیەکترە هاوکاری یەکتر بین متمانە بەیەك بکەن، بێریڤان فایەق ماوەی شانزە ساڵە کارمەندە لەپەیمانگای نابینان ئاماژەی بەوەدا کە هەر مرۆڤێك سۆز و خۆشەویستی لە دڵەوە هەبێت، ئەوا دەتوانێت خۆشەویستی بکات و دەشڵێت «خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکاندا ئاسایی یان نابینا لەکاتێکدا دروست دەبێت کەسۆز و خۆشەویستیان لە دڵەوە هەبێت، چونکە خۆشەویستی لە ڕێگەی دڵەوە دەکرێت نەوەك چاوەکان».

**لە ڕێگەی دەست لێدانەوە دەروونیان هاندەدرێت کە دڵیان پڕبێت لە خۆشەویستی**

هەمووکات خۆشەویستی پێوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ لایەنی دەروونی، زۆرجار خۆشەویستی وادەکات لە ڕێگەی دەروونەوە ئومێدێکی گەورە لە ژیان بە مرۆڤەکان ببەخشێت و لەهەمانکاتیشدا هەر خۆشەویستی دەتوانێت دەروونی مرۆڤ ئازار بدات. بۆیە خۆشەویستی توانای ئەوەی هەیە کاریگەری لەسەر دەروونی نابیناکانیش هەبێت، توێژەری دەروونی نەدا ئیبراهیم پێیوایە کە نابیناکان لەڕووی دەروونییەوە زۆر هەستیان ناسکە، لەبەر ئەوە پێویستە بەشێوەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و هەست بەوە نەکەن کە نابینان و ئیتر لە خۆشەویستی و خۆشی ژیان بێ بەشن، لەبارەی بوونی خۆشەویستی و لایەنی دەروونی نابیناکان ئەو توێژەرە دەڵێت «نابینا زیاتر بەدەنگ خۆشەویستی دەکات، چونکە دەنگ کاریگەری لەسەر دەروونیان هەیە، بۆیە کاتێك عاشقی کەسێك دەبن پێویستە ئەو کەسە هەوڵبدات گرنگیەکی تایبەت بەو خۆشەویستیە بدات. بۆ نموونە بەردەوام دەستەکانی بگرێت و لێی نزیك بێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەست لێدانەوە دەروونیان هان بدرێت کە دڵیان پڕبێت لە خۆشەویستی».



